# دیمانەی کوردستان راپۆرت لەگەڵ د.ئەحمەدی مەلا

سازدانی:سۆران عەزیز کوردستان راپۆرت:

لەو پرسیارەوە دەست پێدەکەم، کۆمەڵێ چەمکی وەک (داهێنان، خوێندنەوەی دەق، هەڵوەشاندنەوەگەرایی) خزاوەتە نێو ئەدەبی کوردیەوە، هەروەک چۆن پێشتر (وجودیەت، چەپگەرایی، ئەدەبی بەرگری) هەبوو، ئەما نەلانی کەم کاری پێکراوە وەکو میتۆدێکی فکری، لەکاتیک دا رەئییەکی تر هەیە دەڵێت کاری پێنەکراوە وەکو خۆی؟

ئەحمەدی مەلا :ئەدەبی کوردی تا دەمێکی دیش بە ئەدەبێ سەر بە دونیایەکی داخراو دەژمێردرێت. هۆکار زۆرن. یەکەمیان دابڕانی ژیان بە مانا گشتییەکەی لە گەڵ سەرجەم ئەو زانیاریی و چەمک و تیۆرییانەی کە لە رۆژئاواوە دەگەنە لای ئێمە. ئەم ترازانە تەنها ئەدەب ناگرێتەوە، بەڵکو سیاسەت و سەرجەم ئەو کەرەسانەش دەگرێتەوە کە ئێمە مامەڵەی لە گەڵدا دەکەین. پەیوەندیمان بە سینەماوە، بە شانۆوە، بە مۆبایل و ئەنتەرنێت و هتد. بە واتایەکی دی، لێکۆڵینەوەی تیۆریی هاوشان لە گەڵ عەقڵییەتی ئینسانی کورد لە رەوت دا نییە. پرسیارگەلێکی سەیر چەندین دەیەیە نەیانتوانییەوە وەڵامی زۆر شتی سەرەکی و جەوهەریمان بدەنەوە. چەمکی میتۆد بە بێ گۆڕانکاریی لە ژێرخانی عەقڵیی بەرهەمێکی زانستی لێوە دەسگیر نابێت. چونکە میتۆدی لێکۆڵینەوەی زانستی دەبێت بە چاوێکی بابەتییانە سەیری بابەتی لێکۆڵینەوە بکات، ئەم روانینە بابەتییەش مەرجەکانی خۆی پێویستە تا ببێتە لێکۆڵینەوەیەکی زانستی. هەر بۆ نموونە، مێژوویی ئەدەبمان لە ژێر رۆشنایی مێژووی ئەدەبی رۆژئاوا نووسیوەتەوە. ڕێباز و قوتابخانە فیکریی و هونەریی و ئەدەبییەکانی رۆژئاوا بەسەر سەرجەم فیکریی دونیای ئێمەدا زاڵە. وجوودییەت لە رۆژئاوا لە سەردەمی جەنگی جیهانی دووەمدا لە فەرەنسا پێگەیی و لە پاڵ فەلسەفە و ئەو جیهانبینییەی کە لە ڕێگایەوە دونیای دەخوێندەوە، شانۆ و ڕۆمان و بەرهەمی دیکەی ئەدەبی لێوە پەیا بوو. ئەم تیۆریی و بەرهەمان هەندێکیان گەیشتنە لای ئێمە بەڵام چ گۆڕانکارییەکی جەوهەرییان لە ژیانی ئێمە هێنایە کایەوە؟ هیچ. لە شەستەکاندا، لە رۆژئاوا، بنەماگەرایی وەکو ڕێبازێک بۆ خوێندنەوەی دەق لە کارا بوو. سەرهەڵدانی بنەماگەرایی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی نۆزدەهەمی فەرەنسا، دەبێ لەو مێژووە بگەین تا لە بنەماگەرایی بگەین .دەبێ لە پەیوەندییەکانی دانەر و دەق بگەین تا لە زاراوەی " مەرگی دانەر" بگەین. کە زۆر جار لە ئەدەبییاتی کوردی دا، بە " مەرگی نووسەر "تەرجەمە دەکرێت. بنەماگەرایی لە هەشتا و نەوەدەکان خوێنەری ئێمە پێی ئاشنا بوو، ئەمە لە حالەتیکدا، کە خوێنەری ئێمە پاشخانی مێژووی و کولتووری نییە تا لە کەین و بەینەکانی بنەماگەریی تێبگات. چۆن لە بنەماگەریی دەگەین لە کۆمەڵگایەک کە بنەمای تەوای نییە، یا لە سەر چەند بنەمایەکی شلۆق راوەستاوە؟ ئەوەی بە تەواوی لە لای ئێمە، ئەویش زۆرجار میکانیکییانە گەشەی کرد، ئەدەبی بەرگریی بوو، ئەویش زۆرجار بە چەند کلێشەیەکی سیاسییەوە رۆحیان هیشک کرد.لە کۆتایی دا، ئایدیۆلۆژیا یا فیکری رووت دەقی ئێمە وشک کرد. ئێستا هەوڵێکی جیدیی زۆر لە ئارادایە بۆ ئەوەی ببینە خاوەنی دەقی جیددی. کاتێک دەرگاکانی ژیان بە یەکئالایی دەکرێنەوە ئەوجا نوقڵانە بۆ ئەدەبێکی زیندوو لێدەدرێت. تا ئێستا ژیان لە کوردستاندا بە حەپسخانەیەکی گەورە دەکات. لەهەمووی سەیرتر هەن لەو حەپسخانەیە دڵیان خۆشە!! .

کوردستان راپۆرت: دەوێرین بڵێین دەقی ئیبداعیمان هەیە کەسیحری ئەوەی تیدابێت لەگەڵ ئەدەبی دەرەوەی خۆمان بیخەینە تەرازووەوە، وە ئایا ئەدەبی بەراوردکاری خۆی شتێکی مومکینە؟

ئەحمەدی مەلا:ئایا کاتێک فەرەنسییەک یا ئیتاڵییەک دەق دەنووسێت لەو دیدەوە دەینووسێت تا لە گەڵ ئەدەبی دەوروبەری خۆی دا بەراورد بکرێت ؟ ئەدەبی ئێمە دەمێک نییە دەیەوێ لەسەر پێی خۆی بوەستێت. هۆکارە مێژووییەکان زۆرن. دەقی

پەخشان واتە دەقێک کە شیعر نەبووبێت تەمەنی ناگاتە دوو سەدە. کورد هەمیشە بە شیعر باسی خۆی کردووە، بە شیعریش هەموو شتێک ناوترێت، یا بە نیوەچڵی باسی خۆی کردووە. لەم ساڵانەی دوایی، واتە لە هەشتاکانەوە نەوەیەک لە رۆشنبیر لە نێو کورددا سەریهەڵداوە دەڕوانێتە ئاسۆ. مەبەست لەو رۆشنبیرەیە کە بە چاوێکی دییەوە دەڕوانێتە مێژووی خۆی، دەڕوانێتە زمان و گرفتەکامی زمان، بە چاوێکی رەخنەوە دەڕوانێتە کەلەپوور و دەیەوێ خۆی لە سەرجەم ئەو خڵتانە پاک کاتەوە کە نەوەکانی پێشخۆی دروستیان کردووە. بێگومان دەقی کۆک و پێگەیشتوومان هەیە، بەڵام کاتی دەوەێ کە تەرجەمەی زمانانی دی بکرێت، ئەم کێشە تەنها پەیوەندی بە کادیری کوردییەوە نییە، بەڵکو بە کادیرانی زمانانی دیشەوە هەیە کە هەوڵی کوردی فێربوون بدەن و ئەدەبی کوردی تەرجەمەی ئەو زمانانە بکەن. کادیری وەرگێری کوردی دەتوانێت ئەدەبی زمانانی دی تەرجەمەی کوردی بکات، چونکە ئەم کارە بەم شێوەیە دەکرێت . ئەڵمانیزمانێک زیاتر توانای هەیە بەرهەمێکی کوردی بکاتە ئەڵمانی زیاتر لە کوردێک، هەروەها کوردزمانێک زیاتر توانای بەسەر ئەوەدا دەشکێت کە کافکا یا گوێت لە ئەڵمانییەوە بکاتە کوردی. لە دونیادا هەر وا ئیش دەکرێت.

کوردستان راپۆرت: رەئییەک هەیە دەڵێت بەراوردکردنی هەر ئەدەبێک بەئەدەبێکی تر، بەرهەمی نییە، هەروەک چۆن ئەدەبی ئەورووپی بەبەراورد لەگەل ئەدەبەکانی تر، جگە لەکاریگەری هیچ شتێکی ترئاشکرا ناکات؟

ئەحمەدی مەلا: ئەدەبی بەروادکاری هەلومەرجی خۆی دەوێ و مێتۆدی خۆی دەوێ. هەموو بەرهەمێک بۆ بەراوردکاری ناشێت. دەکرێ بۆ نموونە مەحوی لە گەڵ حافیزی شیرازی بەراورد بکرێت ،چونکە هەندێجار هەست بەوە دەکرێت کە مەحوی شیراز بە کوردی دەنووسێتەوە. کارێکی لەمجۆرە تا ئێستا نەکراوە. چی لەگەڵ چی بەراورد دەکرێت. ئەمەش ئیشکالاتی خۆی هەیە. شیعری کوردی ساڵانی حەفتا لەگەڵ شیعری بەرگری فەلەستینی بەراورد دەکرێت. هێشتا زۆری ماوەی رەنگدانەوەی بەرهەمی رۆژئاوا لە نێو دەقی کوردی رەنگ بداتەوە. ئەم کێشەیە پەیوەندیی بە چەمکە فیکرییەکانەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە مێژوو و مێژووی کولتووری و سیاقە کۆمەڵایەتیەکان و هتد هەیە .ئێمە دەبێ بە بێ وەستان بۆ چەند سەدەیەکی دیش بنووسین تا شەقڵێکی نوێ، بە زمانی کوردی، لە سەر ئاستی جیهاندا دێتە دی. بە دەقێک و دوو دەق، بە سێ و چوار نووسەری چاک کارەکە مەیسەر نابێت، چونکە ئێمە باس لە مێژووی کولتوور دەکەین. کوردستان راپۆرت: چۆن دەتوانین بەراوردێک لەنێوان هەردوو چەمکی نوێخواز و داهیناندا بکەین لەنێو ئەدەبی کوردیدا، لەکاتیکدا ئەمە بۆتە گرێیەکی دەروونی زۆربەی ئەو کەسانەی لەنێو ئەدەبی کوردیدا بەرهەمیان هەیە ؟ ئەحمەدی مەلا: زاراوەگەلێک، لە رێگای زمانانی دییەوە هاتوونەتە نێو ئەدەبییاتی کوردییەوە هەندێجار تەرجەمەکانیان زۆر ورد نین. نویخواز واتە مۆدێرن کە بەرهەمی کولتووری رۆژئاوایە و یەکەم کەس بۆدلێر لە ئەدەبدا بەکاری دەهێنێت. پاشان ئەم زاراوە ئیشی زۆر لە سەر دەکرێت و تا دەگاتە یەکێکی وەکو فۆکۆ کە بە نیسبەت مەدێرنیتێ پەیوەندی بە هەڵوێستوەرگتنەوە هەیە لەمەڕ مۆدێرنیتێ خۆی. واتە چەمکی نویخوازیی مەبەستێک نییە ئینسان، یا ئەدیب بیگاتێ، بەڵکو هەوڵێکی بەردەوامە لە دۆزینەوەی نەنانسراو لە کێشوەرە نوێیەکاندا. ئایا ئەم کێشەیە بە تەواوی لە کۆمەڵگەی کوردی لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە؟ کۆمەڵگەی ئێمە بە دوو دەق و بە دوو نوێخواز نابێتە کۆمەڵگەیەکی نوێخواز .ئێمە دەبێ پرسیارگەلێکی زۆر گرینگ لە کۆمەڵگای خۆمان بورووژێنین کە پەیوەندییان بە سیاسەت و ژیانی کۆمەڵایەتی و پەروەردە و مافەکانی ژیانەوە هەیە. کێشەی تەندروستی یەکێکە لە کێشە جەوهەرییەکانی کۆمەڵگای ئێمە. چۆن دەتوانی مۆدێرن بین لە کۆمەڵگایەکی تەقلیدی. نویخوازی هەر ئەوە نییە گۆران تێی دەگەیشت، نویخواز هەر ئەوە نییە چیرۆکی هونەری بنووسین و قەسیدەی ئازاد بخوێنیەوە. کۆمەڵگای مودێرن سەرەتا کۆمەڵگایەکی ئازادە لە پرسیار ورووژاندن و بیرکردنەوە بە بێ سانسۆر و ئۆتۆ سانسۆر .

کوردستان راپۆرت: لەگەڵ هاتنی چەمکی جیهان گەرایی دەرگای بەرووی هەموو شتەکاندا واڵاکرد و نهێنی و سەحری نەهێشتۆتەوە بۆ دەق، بەپێچەوانەوە رەئیەک هەیە کەجیهانگەرایی هەرچی زیاترشتەکانی کاڵترو بێ بە هاتری کردووە

ئەمە چۆن دەبینی ؟

ئەحمەدی مەلا: جیهانگیریی سیستەمێکی نوێیە کە لە سەر بناماکانی ئابووری دا سەقامگیر دەبێت. لەم رووەوە کاروکاردانەوەی بەسەر بەهاکاندا جێدەهێڵێ .ئێمە بەرامبەر بە گۆڕانکاری گەورەین. کاتێک دەقێکی وەکو هاری پۆتەر بڵاودەبێتەوە، وەکو ئەوە وایە ئامێرێکی نوێێ مۆبایل بێتە بەرهەم، دەبێتە رووداوێکی جیهانی. بەڵام ئایا ئێمە لە نێو سیستەمی جیهانگیریی دا دەژین، یا جیهانگیریی سەپاوەتە سەرمان بەوەی کە بازاڕەکانمان لە رووی کالای جیهان کراوەتەوە. ئێمە لە نەوتی عێراق چیترمان هەیە پێشکەشی سیستەمی جیهانگیریی بکەین. ئەم راستییە تاڵە بە نیسبەت جیهانی عەرەبییشەوە راستە. ئێمە لە رووی شارستانییەتەوە لە بوحرانێکی مەزندا دەژین. ئێمەمانان کەتووینەتە پەراوێزەکانی دونیای پێشکەتووەوە، هەندێجار خۆمان هەڵدەخەڵتێن کە لەوەی پێشکەتووین. سەرەرای هەموو ئەم راستییانە دەقی جوان جوانە. بەڵام ئێمە خوێنەری جیدیمان کەمە. بە تەواوی هێشتا فێری خۆیندەوە نەبووینە، ئەمە پەیوەندی بە سیستەمی پەروەردەوە هەیە .دەبێ قوتابخانەکان گرینگییەکی زۆر بە وانەی خوێندنەوە بدەن. خوێندەوەی دەق بەدەر لە ئایدیلۆژیا و وتای سەپێندراوە و ئاراستەکراو. کوردستان راپۆرت :هێلیس میلەر لەکتێبێک بەناوی ئەخلاقیاتی خویندنەوە باس لە ئیلتیزام دەکات بۆخۆێندنەوەی دەق، ئایا ئێمە خۆینەرێکمان هەیە ئەوەندەی یەخەی دەق بگرێت، ئەوەندە نەپەرژێتە سەرکەسایەتی دەق، ئایا دەتوانین چی بکەین ئەم فەرهەنگە بکەینە باو؟ ئەحمەدی مەلا: ئەمە کێشەیەکی تەواوە لە کۆمەڵگای ئێمە. کاتێک رەخنە ئاراستەی دەقی شاعیرێکی ناسراوی کورد دەکرێت، شاعیر خەڵک هان دەدات کە دژ بەو رەخنەیە شت بنووسرێت و خاوەنەکەشی لە جیاتی وەڵامی دەق بە دەق بداتەوە، شتی ناجۆر ئاراستەی کەسایەتی رەخنەگر دەکات. کۆمەڵگای ئێمە هێشتا پێی نەناوەتە قۆناغی رەخنەییەوە. نەک تەنها رەخنەی ئەدەبی بەڵکو رەخنەی فیکریی و کۆمەڵایەتی و سیاسی. ئەمەش سستی عەقڵی کوردی دەگرێتەوە. جا چۆن باس لە مۆدێرنیتێ بکەین. مۆدێرنیتێ لە سەر کۆڵەگەی رەخنە بەندە.

کوردستان راپۆرت: پرسیارێک لەدەرەوەی بابەتەکە هەیە، دەمانەوی پرسی تیرۆر موناقەشە بکەین لەرووێ ئەدەبیەوە، لەکاتێکدا ئەم چەمکە تەنها لەنێو کایەی سیاسەتدا کاری پێدەکرێ، گومانیش هەیەکە هەمومان رێکەوتننامەیەکمان مۆرکردبێت لەسەر پێناسەیەک بۆ تیرۆر، ئایا چۆن دەتوانین لەروی ئەدەبیەوە لەم چەمکە حاڵی بین؟

ئەحمەدی مەلا: با پرسیارێکی گرینگ بورووژێنین : بۆچی تیرۆر لە کۆمەڵگای ئێمە سەریهەڵدا. کاتێ دەڵێم کۆمەڵگای ئێمە مەبەستم لە تورکیاوە بگرە تا مالیزیا هەڵبەتە ئەم خەتە بە کوردستان و ئێران و پاکستان و ئەفغانستاندا تێدەپەڕێ. بۆچی لەم جیهانەدا کۆمەڵگای دیکە لە توانای دا نییە تیرۆر بەمجۆرەی کە ئێستا هەیە بەرهەم بهێنێت. هۆکار زۆرن. بەڵام بە شەرمەوە باس لە هۆکارەکان دەکەین. هەمیشە بە هۆکاری ئابووری گرێ دەدرێت، بەشێکی راستە، بەڵام بە پلەی یەکەم پەیوەندیی بە شکستی فیکریی ئیسلامییەوە هەیە کە نەیتوانی تەفسیری تەواو لە نێوان دەق و کۆمەڵگاکاندا بدۆزێتەوە .ئینسان حەپسی دەق بوو واتە حەپسی وێنەیەکی زیهنییە. ئایین کاتێک نەیتوانی کۆمەڵگایەکی زیندوو، چالاک، بەختیار دروست بکات، دەبێ پرسیار ئاراستەی ئایینەکە بکرێت. نابێت هەمیشە ئینسانەکان لە نێو وێنەیەکی زیهنیی حەپسبکرێن و بچووکبکرێنەوە. ئایین دەبێ ببێتە چالاکیی لەم ژیانە و لەم جیهانە، نەک تەنها پرۆژەیەک بێت بۆ ئاخیرەت. لە کۆمەڵگاکانی ئێمەدا نووقسانی زۆرن. کەس بە جیدییەوە باس لە عەدالەتی کۆمەڵایەتی ناکات، کەس باس لە سیستەمی پەروەردە ناکات. ئێستاش، سەرەرای سامانێکی زۆری نەوت دەرژێتە قاسەی بودجەی کوردانەوە، قوتابخانە کەمن و پۆلەکان بە سی و چل قوتانی دەئاخنرێن. کاتێک سیستەمی پەروەردە و سیستەمی تەندروستی لەسەر پێی خۆیان ناوەستن، کۆمەڵ بە نەخۆشیی دەمێنێتەوە. نەخۆشی لەش و نەخۆشی زیهن .تیرۆر لە نێو ئەو کۆمەڵگایانە گەرای خۆی دادەنێ. کوردستان کاندیدایە ئەگەر بێت و ئاوڕ تەواو لە جەستەی کۆمەڵایەتی نەدرێتەوە. تاکو ئێستا کەمێک نەشوەی ناسیۆنالیستیمان هەیە و وەکو بەنج راماندەگرێت، بەڵام کاتێک وەڵامەکانی ناسیۆنالیستی تەنها بۆ چەند سروودێک و

چەند گۆرانیی و چەند هەڵپەرکێیەک چەند بەڵێنێکی دووبارە بوو تەسک دەکرێتەوە، دەبێ ئاگاداری داهاتوو بین و تیرۆر بە رووماِنا نەتەقێتەوە!! تیرۆر پلەی زۆرە. دوا پلەی کوشتن و نەفی جەستەیی ئەویترە. بەڵام شەڕەکانی براکوژیش بەشێک بوون لە تیرۆر، نەبوونی موعارەزەیەکی سیاسی بەشێکە لە تیرۆر، دەسبەسەرگرتنی رۆشنبیریی لە پێناو ئایدیۆلۆژیا و لە پێناو چەند دەسکەوتێکی کورتیش دەکرێ بچێتە خانەی تیرۆرەوە.